**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣١

سالّی/٢٠٠٢ ـ بەرگی سی و یەک

---

چاپی یەکەم/سالّی ٢٠٠٢

# پێرست :


پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە پازدە ـ دوو شەممە ٢٠٠٢/٥/١٣ ل٥

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە شازدە ـ یەک شەممە ٢٠٠٢/٥/١٩ ل٥٦

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە حەڤدە ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٥/٢١ ل٦٧

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە حەڤدە ـ چوار شەممە ٢٠٠٢/٥/٢٢ ل٧٠

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە هەژدە ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٥/٢٧ ل١١٨

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆزدە ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٥/٢٨ ل ١٧٨

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٦/٤ ل١٩٦

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و یەک ـ چوار شەممە ٢٠٠٢/٦/٥ ل٢٤٨

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و دوو ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٦/١٨ ل٢٧٦

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست وسێ ـ چوار شەممە ٢٠٠٢/٦/١٩ ل٣٢٩

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست وچوار ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٦/٢٤ ل٣٤٦

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست وپێنج ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٦/٢٥ ل٣٧٨

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست وشەش ـ یەک شەممە ٢٠٠٢/٦/٣٠ ل٤٢٨

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژمارە یەک ـ شەممە ٢٠٠٢/٨/١٠ ل٤٦٢

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژمارە یەک ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٨/١٢ ل٤٦٥

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژمارە دوو ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٨/١٣ ل٤٧٣

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژمارە سێ ـ پێنج شەممە ٢٠٠٢/١٠/٣ ل٥١١

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، دیارە نیە، ئەو ماددەیە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوارەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی چوارەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

يعمل بأحكام هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، دیارە نیە، ئەو ماددەیە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی پێنجەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی پێنجەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

هەموو یاساکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، هەموو یاساکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان:

خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای لە کار خستنی مەبلەغ و ڕێژە و سنووری ئەو دەقانەی کە لە یاسای ژمارە (١١٤)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٨١)ی ڕەسمە عەدلیەکاندا هاتووە، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

پرۆژەی ئەم یاسایەشمان بەم زووانە خوێندۆتەوە، تکا دەکەم ڕای لیژنەی یاسایی لەسەری، ڕای نووسراوتان.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المجلس الوطني لكوردستان العراق

كوردستان ـ اربيل

لجنة الشؤون القانونية

العدد: ١٧

التأريخ: ٢٠/٥/٢٠٠٢

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق الموقر

م/ رأي اللجنة

إجتمعت لجنتنا بتأريخ ١٩/٥/٢٠٠٢ لغرض دراسة مشروعي التعديل الاول لقانون رسم الطابع ذي الرقم (٣) لسنة (١٩٩٣). الصادر في اقليم كوردستان العراق ومشروع تعديل قانون الرسوم العدلية ذي الرقم (١١٤) لسنة (١٩٨١) وبعد دراسة ومناقشة المشروعين وتبادل و جهات النظر اخذين بنظر الاعتبار والظروف الاقتصادية والقيمة الشرائية للعملة ولمرور فترة طويلة على صدوره لذا قررت اللجنة بالاجماع تأييد المشروعين المقترحين راجين عرضها على السادة أعضاء المجلس الوطني لدى إجتماعهم للمناقشة والبت فيه.

مع التقدير

محمد سعيد احمد يعقوبي
رئيس اللجنة

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نووكە رای لیژنەی دارایی و ئابووری دەخوێنم.

المجلس الوطني لكوردستان العراق
كوردستان - اربيل
اللجنة :المالية والاقتصادية
العدد : ج/١١
التأريخ: ١٩/٥/٢٠٠٢

السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ تعديل نسب وحدود الرسوم العدلية

إجتمعت لجنتنا اليوم(١٩/٥/٢٠٠٢) لدراسة ومناقشة مشروع قرار ايقاف العمل بمبالغ ونسب وحدود الرسوم العدلية لبعض المواد من قانون الرسوم العدلية رقم (١١٤) لسنة (١٩٨١) المعدل وإحلال مبالغ ونسب وحدود الرسوم الجديدة بدلاً منها، والمرسل من قبل رئاسة مجلس الوزراء الموقر والمحال الينا من قبل سيادتكم، وندرج أدناه توصياتنا.

١ - المادة (٣٤) فقرة ثانيا: تقرأ كالأتي (٤٪ على ان لا يزيد على ١٠٠٠ دينار) ويظهر ان نسبة ٤٪ لم تدرج سهوا وأصل القانون مقدار النسبة كان ٢٪ على ان لا يزيد على ٥٠٠ دينار.

٢ - المادة (٤٥): جاء في المشروع تعديلها الى (٥) دنانير حيث كان القانون الاصلي (١) دينار وتقترح لجنتنا جعل المبلغ (١٠) دنانير وهي تخص المعاملات التالية مهما تعددت التواقيع فيها:

ا - تصديق الوكالة العامة.

ب - تصديق عقد التحكيم أو الابدار الخاص والعام.

ج ـ المصادقة على المقدرة المالية للكفيل.
د ـ كافة المعاملات التي لا تحتوي على مبلغ معين من غير المنصوص عليها في هذا الفصل.
هذا ولكم الامر مع فائق التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەی یەکەم بخوێننەوە، بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین، لەگەڵ دیباجەکە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم
بإسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:
قرار
إستنادا الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناء على ما عرضه وزير المالية والاقتصاد و وافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المرقمة ( ) والمنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٠ تشريع القانون الاتي:
ا المادة الاولى/ إيقاف العمل بمبالغ ونسب وحدود الرسوم العدلية المنصوص عليها في المواد (١٠، ١٥/أولا وثانيا، ١٦، ١٧، ١٩، ٢٠/ أولا ـ أ،ب،ج، ٢١/ أولا،٢٢/اولا ٢٣/ أولا و ثانيا، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧/أولا، ٢٨/أولا وثالثا ورابعا، ٢٩، ٣٤/ اولا وثانيا وثالثا، ٣٥/ أولا وثانيا، ٣٧، ٤٢/ أولا وثانيا، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٩/ ثالثا ورابعا و خامسا، ٥٣/ سادسا و عاشرا) من قانون الرسوم العدلية رقم ١١٤ لسنة ١٩٨١ المعدل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێ من لەسەر ماددەی (٤٥) پێنج دینار ببێتە دەه دینار لەسەر وێیە، چەند ئەگەر مەشروعی حکومەتێیە، بەڕاستی من سوپاسی وەزیری مالیە دکەم کە وەکو ئەندامێکی پەرلەمانێ تەفکیر کرد، گرانیە بار گرانیە زەرەری بۆ سەر میللەت، فعلەن پشتیوانی بین کە کێ بدە، چونکە نەک بەس زەریبەیە پێنج دینار ببێتە دەه دینار، مەفروز بەس دەه دینار بێت، ئەنواع و ئەشکال زەریبە هەیە لەسەر میللەت، هاوولاتی موکەلەفە زەریبە بدات، بەلێ ببورە ماددەی (٤٥) پێنج دینارە ببێتە دەه دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر ئەوەلەن رەقەمی تیا نیە جارێ، (المادە الاولێ/ ایقاف العمل) بەس رەقەمی تیا نیە، پارە لە ماددەی دووەمدا هەیە، ئەو وەختە ئەو تێبینییە پێشکەش بکە جەنابت، لەسەر ماددەی یەکەم هیچ تێبینی هەیە، فەرموو کاک فەرسەت، ئەگەر تێبینیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە قانونی رسومی عەدلی شاملی هەموو عێراقە، راستە بەنیسبەی ئێمە بڕیارەکە یان قانونەکەی هەرێمی کوردستانە، هی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقە، بەس بۆ زیاد کردنی تەوزیح و سوبەینێ هیچ ئیشکالێک نەبێت، تەخصیصی بکەین (ایقاف العمل في اقليم کوردستان العراق بمبالغ ونسب وحدود ....) ئەوەش بۆ ئیعادەتێک بە نیسبەی هەموو یاساکان تەسبیتی ئەو خاڵە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس ئەوە کیفایەتە (فی اقلیم کوردستان العراق) ئیزافە بکرێت، هیچ تێبینی تر هەیە، نیە، ئیزافەی (فی اقلیم کوردستان العراق) دەکرێتە سەری، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی یەکەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تكون مبالغ ونسب وحدود الرسوم العدلية وفقا لما هو مبين أزاء كل مادة من مواد قانون الرسوم العدلية رقم ١١٤ لسنة ١٩٨١المعدل كما يلي:

| ت | المادة | الفقرة | مقدار الرسم |
|---|---|---|---|
| ١- | ١٠ | – | ١٠٠٠ دينار |
| ٢- | ١٥ | أولاً | (٤٪) أربعة بالمائة |
| ٣- | ١٥ | ثانياً | (٢٠ )عشرون ديناراً |
| ٤- | ١٦ | – | (٢٠ )عشرون ديناراً |
| ٥- | ١٧ | – | (٤٪) أربعة بالمائة على أن لايقل عن عشرين ديناراً ولايزيد عن الف دينار ويستثنى من ذلك دعاوي الدين المنصوص عليها في الفقرة أولاً من المادة (١٨)من نفس القانون ويستوفى عنها رسم بنسبة (٧٪)من مبلغ الدين المدعى به. |

| ت | المادة | الفقرة | مقدار الرسم |
|---|---|---|---|
| ٦- | ١٩ | أولاً | (٥٠)خمسون ديناراً |
| ٧- | ٢٠ | أولاً-أ | (٥٠)خمسون ديناراً |
| ٨- | ٢٠ | أولاً- ب،ج | (٤٪) أربعة بالمائة. |
| ٩- | ٢١ | أولاً | ٥٠ خمسون ديناراً ويستوفى بقية الرسم بنسبة(٤٪) |
| ١٠- | ٢٢ | أولاً | ٥٠ خمسون ديناراً ويستوفى بقية الرسم بنسبة(٤٪) |
| ١١- | ٢٣ | أولاً | ٥٠ خمسون ديناراً |
| ١٢- | ٢٣ | ثانياً | (٤٪)أربعة بالمائة |
| ١٣- | ٢٤ | - | ٥٠ خمسون ديناراً |
| ١٤- | ٢٥ | - | ٢٠٠ مائتا دينار |
| ١٥- | ٢٦ | - | (٤٪)أربعة بالمائة على أن لايزيد على (١٠٠٠)الف دينار |
| ١٦- | ٢٧ | أولاً | (٤٪)أربعة بالمائة على أن لايقل عن (٥٠)خمسين ديناراً ولايزيد على (٢٠٠)مائتي دينار. |
| ١٧- | ٢٨ | أولاً | (٤٪)أربعة بالمائة على أن لايزيد على(١٠٠٠)الف دينار |
| ١٨- | ٢٨ | ثالثاً | (٢٥)خمسة وعشرون ديناراً |
| ١٩- | ٢٨ | رابعاً | (٢٠)عشرون ديناراً |
| ٢٠- | ٢٩ | - | (٤٪)أربعة بالمائة |
| ٢١- | ٣٤ | ثانياً | على ان لايزيد على (١٠٠٠)الف دينار |
| ٢٢- | ٣٤ | ثالثاً | (٢٠)عشرون ديناراً |
| ٢٣- | ٣٧ | - | على أن لاتقل عن (١٠)عشرة دنانير ولاتزيد على (٢٥٠) مائتين وخمسون ديناراً. |
| ٢٤- | ٤٢ | أولاً | (٠,٠٠٤)أربعة بالألف |
| ٢٥- | ٤٢ | ثانياً | (٢٠)عشرون ديناراً |
| ٢٦- | | - | (٥) دنانير |
| ٢٧- | ٤٣ | - | (٥) دنانير |
| ٢٨- | ٤٤ | - | (٥) دنانير |
| ٢٩- | ٤٥ ٤٩ | ثالثاً | (٢٥٠)مائتان وخمسون فلساً عن كل م٢ من المساحة على أن لايقل عن (١٠٠) مائة دينار ويعتبر كسر الدينار ديناراً واحداً. |
| ٣٠- | ٤٩ | رابعاً وخامساً | (٥٠)خمسون ديناراً |
| ٣١- | ٥٣ | سادساً | (٥٠)خمسون ديناراً |
| ٣٢- | ٥٣ | عاشراً | (٥٠)خمسون ديناراً |

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکایە ڕەئی لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

ئێمە لەگەڵ پڕۆژە کەداین و، لەگەڵ نسبەکانین کە لە پڕۆژەکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لە سەرەتای ماددەی(١٠)یەم مقدار ڕەسم (١٠٠٠)دینار هاتووە، ئێمە لەگەڵ(١٠٠٠)دینارەکەین، بەڵام ئەساسەکەی(٥٠٠)دینارە ،(لا یتجاوز) لە ناحیەی قانونی ئێمە داخیلمان نەکرد، چونکە گوتمان لیژنەی قانونی لە ئەسڵی قانونەکەی دەیخوێنێتن و وشەی(لا یتجاوز)داخیل دەکاتن، یان دەڵێت هەر(تحصیل حاصل)ە، چونکە ئەسڵی ماددەکەیە، ماددەی (١٠)یەم ئەمە بۆ (٢٤)ماددەیە، بابی ثانی رسومی محاکم هەمووی دەگرێتن، ماددەی دەیەم دەڵێت(لا یجوز أن یتجاوز الرسم فی کافه الدعاوی والمعاملات المنصوص علیها فی هذا الباب) ئەم بابە (٢٤) ماددەیە، لێرە ئەگەر بنوسین مقدار رسم(١٠٠٠)دینارە، ئێمە لەگەڵ (١٠٠٠)دینارەکەین، بەڵام مەفروزە لایتجاوز(١٠٠٠)دینار، ئایا بڵێین تەحصیل حاصلە ئەوە ئیشکال ناکات لە مەحاکم، لە ماددەی (٣٤) ثانیاً، وا دیارە سەهوویان کردووە یان لە تەبع لەبیریان چووە مقداری ڕەسم[(٤٪)علی ان لا یزید علی(١٠٠٠)دینار]، ئەسڵی ماددەکەی(٢٪)ە، هەموو گۆڕاوە لە (٢٪)بووە بە(٤٪)،ئەوانەی پێشوولە ماددە (٢٨) (٢٪)علی ان لا ان لایزید(٥٠٠) بووە (٤٪) علی ان لا یزید علی (١٠٠٠)دینار، عەینەن ماددەی (٢٧) (٢٪)علی ان لایزید علی (١٠)دنانیر بووە بە (٤٪) علی ان لایزید علی(٥٠٠)یەعنی نسبەکەی هەر گۆڕاوە هەمووی لە (٢٪ )بووە بە(٤٪)، ئێمە دەڵێین لەوانەیە لە تەبع سەهوویان کردووە، لە ماددەی (٢٨)و ماددەی ماددەی(٤٥)لەوێ(٥)دینار هاتووە، ئێمە پێشنیار دەکەین ببێتە(١٠)دینار، (وتقترح لجنتنا جعل مبلغ (١٠)دنانیر وهي تخص المعاملات التالية مهما تعددت التواقيع فيها:

أ- (تصديق الوكالة العامة ٧ أو ٨) کەس ببێتن هەمووی بەیەک وەکالە حیساب دەکرێت.

ب - تصديق عقد التحكيم أو ليبراء الخاص أو العام.

ج - المصادقة على المقدرة المالية للكفيل.

د - كافة المعاملات التي لا تحتوي على المبلغ المعين المنصوص عليها في هذا الفصل.

ولكم التقدير.

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومــــــەن:**

رەئی وەزیری دارایی چییـە؟ زیاد بكرێت لە ٥ دینار بۆ ١٠دینار، چونكە ئەگەر وەكالەتی عام بیكاتە ١٠دینار چییە؟ بەڕێز سركیس، فەرموو.

**بەڕێز سركـیس آغا جان مامندو(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومــــــەن.**

تەبیـعی ئەو پرۆژەیە لە مـانگی (٣)یەوە لەبەینی دەوائیـری وەزارەتی داد، یەعنـی دادگـاكـان و بەڕێوبەرایەتی تۆمارگای خانوو بەرەو برادەرانی خـەبیر لە وەزارەتی دارایی گفـتـوگۆیان لەسەر كردیە، هەمـوو ئەوەلیاتی تەئیـدكردنی ئەو رسومـاتە دوای گفتوگۆكردن لەلایەن دەوائیـری مەعنی لەلایەن وەزارەتی داد و وەزارەتی داراییش لێرە هەیە، بەنیـسبـەت رسومـات ئەگـەر هاتوو ئێمە واقیـعەكە لەسـەر نرخی دۆلار حیسـاب بكەین، بیـست سالّ پێش ئێـسـتـا نرخی دۆلار و دینار چەند بووە؟ هەر یەک دیناری عـیـراقی ٣دۆلار و قـسـور بوو، لەگـەلّ ئێـرە بێین زەربی بـكەین و مـوعادلی بكەین لەگەلّ نرخی دینار و دۆلار كە ئیمڕۆ هەیە قـەت ناگەینە ئەنجامێـک، بۆ نموونە بلـێین دیناریكی ئەو كـات ئێـسـتـا بێین بیكـەینە ١٨دینار، ئەوە قـەت ناكـرێت، رسـومـاتی بەم جـۆرە دابنێین، چونكە بـار گـرانیـیـەكی زۆر دەبی لەسـەر هاولاتیـیـان، حكومـەتی مـەركـەزی تەعدیلاتی كردیە لەسەر قانونی ژمارە(١١٤)سالّی ١٩٨١لەسالّی ١٩٩٦حكومەتی مەركەزی تەعـدیلاتـی كـردیە لەسـەر ئەو رسـومـاتانە، بەلاّم لێـرە هیچ تەعـدیلاتێک نەكـراوە و هەر بە رسومـاتی كۆن ئێمە كاری لەسەر دەكەین، هەندێ رسومات هەیە تەعامول كردنە لەگەلّ عـمومی خەلّک، بەتایبەتی رسومـاتی داد زۆر حەساسە پێویستە ئێمە تەنسیـقێک دروست بكەین لەگەلّ ئەو رسوماتەی كە لە خوارەوە وەردەگیرێت، ئەو رسوماتەی كە لێرە دەمانەوێت تەعدیلی كەین و وەربگرین لەگەلّ ئەو رسوماتەی كە لەناوچەكانی سلێمـانی وەردەگیرێت، لەوانـەیە ئێمە بـتوانین هەندێ شت بكەین قەناعەتێكمان هەبێت، بەلاّم محاكم ئوسلووبی معامەلاتیان شێوەیەكی وایە دەبێت رسوماتەكان لەگەلّ هەر سێ شوێن گونجاو بن، ناكرێت ئێمە لێرە سەقفێكی بلّند دابنێین و لە سلێـمـانی و لە بەغـداد سـەقـفـێكی نزم بێت، مـوتەئەكـیـدم مـادام شـارەزایانی ئەو بوارە موناقەشاتیان كردیە منیش تەئیدی رەئی موناقەشاتی ئەوان دەكەم، چونكە ئەوان شارەزان لەم بوارە بۆیە دیفاع لە قسەكانی ئەوان دەكەم لەو ناحیەوە، لەگەلّ رێزمدا.

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومــــــەن:**

جێی خۆبەتی، زۆر سوپاس، كاک جەمیل عبدی سندی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەم بێژین کو ئەو زۆر خەبیرن و زۆر شارەزان کە ئەوانەیان دانایە، بەس تەنیا ماددەی (٤٣و ٤٤و ٤٥)حەز دەکەم هێژا سەرۆکی پەرلەمانی ئەندامان تەماشا بکەن، بەس ئەم سێ ماددانە کە نزیکی یەکترن ماددەی (٤٣) چەند بوو؟(٢٥٠)فلس بووە بووە بە (٥)دینار، یەعنی زەربی (٢٠)یان کردووە، بۆچی هەر سێ ماددە کە نزیکی یەکتر بووینە بۆ موعامەلات بووینە(اولاً تصديق الوكالة الخاصة ،ثانياً تصديق صورة السند ، ثالثاً توجيه الانذار او ألاخطار و وسائل التبليغ)،(٢٥٠)فلس بووە بە (٥)دینار، ماددە (٤٤، ٥٠٠دینار)رسم مقدار (١٠٠)فلس (في كل صف في الحالة الاتية أستنساخ تصديق ترجمة)، (١٠٠)فلسەکەش دیسان بووە(٥)دینار یەعنی زەربی(٥٠)کراوە، هی ماددەی (٤٥)ئەسڵی قانونەکەدا هاتووە کاتی( مقدار دينار واحد للمعاملات فيها مهما تعددت التواقع فيها ) یەک دینار زەربی (٥)کراوە، (٢٥٠)فلسەکە هەر بۆ (٥)دینارەکەیە (١٠٠)فلسەکەش هەر بووە بە(٥)دینار دینارەکەش هەمووی (٥)دینار، ئەوەی پێی دەڵێن پسپۆڕ یان شارەزا! بۆچی هاتووە؟ (تصديق الوكالة العامة تصديق عدد إحتمال ليبراء العام والخاص، المصادقة على المقدرة المالية كافة المعاملات التي لا تحتوي على مبلغ معين ومنصوص عليها في هذا الخصوص)، بەڕێز شێروان حیدەری مەوجوودە، ئایا وەکالەی عامە یان وەکالەی خاصە بەنەفسی مەبلەغ بێتن، ئەوە(٢٥٠)فلس بووە ئەوە دینارێک بووە، وەک یەکی لێ بکرێتن خۆی ئیستینساخ پەڕی (١٠٠)فلس بیتن ئەویش ببێتە (٥)دینار وەکی وەکالەی عامە (مهما تعددت)، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت زۆر جار لەم پەرلەمانە لە سەرەتای کابینەی یەکەم و کابینەی دووەمیش زۆر جار شت هاتووە لە وەزارەتەکان لێرە تەعدیلمان کردووە چی ئەگونجی بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەوەمان کردووە، لەبەر ئەوە من داوا لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەم کو ئەوەی من کە پێشنیارم کردووە ببێتە(١٠)دینار، بیداتە دەنگدان، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی هەندێک نموونە هات، لە مەوپاش من بڕیارم داوە ناوی کەس نەڵێم، یەعنی ناڵێم فلان کەس وای گوت، بەڵام هەندێ نموونە هات ئیستینساخی بە وەکالەت مقارنە کرد، ئیستینساخ بە وەکالەت مقارەنە ناکرێت، چونکە لەوانەیە لە مانگێ دوو ئیستینساخ تەصدیق نەکرێت یان دوو تەرجوومە تەصدیق نەکرێت کابرا ئەگەر پێویستی نەبیت، بەڵام وەکالەت هەموو ڕۆژێک هەیە،

بەڕێز وەزیری دارایی تەوزیحی کرد ئەوەی کە زۆر پەیوەندی بە هاوولاتیان و بە موراجعین هەیە، رەسمی زۆر خەڵکەکە زیاتر دروست دەکات، چونکە تۆ ئیستینساخ (٢٥٠)فلس دەکەیە (٥)دینار لە مانگێ جارەک پێویستی بەو ئیستینساخە هەیە، یان پێویستی بە تەرجوومە هەیە زۆر لای گرنگ نییە، بەڵام رۆژانە بە سەدان بە دووسەد وەکالات تەسدیق دەکەن، هاولاتیان ئیستیا پەیدا دەکەن، ئەگەر رەسمەکان زۆر بێت، (١٠)دینار بێت، (٥)دینارەکە فەرقیان زۆرە بە عەینی نسبە لە هەموو جێگایەک زیاد نابێت، ئەو پسپۆڕانە زۆر بە رێک وپێکیان داناوە دەستیان خۆش بێت، ئێمە لەگەڵ پڕۆژەی حکومەتی داینە، ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایش رەئی خۆی بگۆڕی ئێمە هەر لەگەڵ پڕۆژەی حکومەتی دادەبین، حەز دەکەین پڕۆژەکەی حکومەت بدرێتە دەنگدان، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شێروان حیدەری، فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکی ئەنجومەن ناوی منی هێنا بۆیە بەجواب هاتم بە حەقیقەت، خۆی فەرق هەیە لە نێوان رەسمی وەکالەی خاسەو رەسمی وەکالەی عامە، ئەو نسبەی هاتیە من لەگەڵ ئەوەمە کە موتەفاویتە زۆر، بۆ نموونە هەندەکی یەکی(١٠)زیاد کراوە، هەندەێکیش یەکی (٤) زیاد کراوە، واتە تەوازنێک نییە، بەڵام ئەو مەبدەئەی کە بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی بۆی چوو کە پسپۆڕەکان پێیان ووتوە بەراستی مەبدەئێکی راستە، لەو مەبدەئە هاوولاتی هەست بە غوبن ناکات، کە بزانن لە بەغدا بە عەینی موعادەلەی ئێرە لێی وەردەگیرێت، لە سلێمانی بە عەینی موعادەلەی ئێرە لێی وەردەگیرێت، هاوولاتی هەست بە غوبن ناکات، ناڵێت لە سلێمانی بەو جۆرە بووە یان لە هەولێر بەم شێوەیە بوو، مادام لە وێندەرێ بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرایە، قیمەتی دیناری عیراقی بەنەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە، پێم وایە رەسمەکە لە جێگای خۆبەتی من لەگەڵ پڕۆژەکەم، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. ئیدریس، پاش د.ئیدریس کاک جمیل تەعقیب دەکات، دوایی ماددەکە دەخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناچمە ناو تەفاسیلی ئەو زیادەیە، چونکە لە هەندێ جێ زوعف زیاد کراوە، لە هەندێ جێ

پێنج جار زیاد کراوه، من باسی ئەوه ناکەم، باسی ئەسڵی قانونەکە دەکەم حەق بوو لیژنەی یاسایی و ئێمە لەگەڵ وەزارەتی دارایش بە خۆیان قانونێکی رسومی عەدلیان دەرکردبایە، چونکە ئەوه قانونی عیراقییە، ئەگەر ئامانجەکانی ئەو قانونە بکرێتە(جعل الرسوم تتماشى مع مرحلة البناء ألاشتراكي)ئایا ئێستا ئێوه لەسەر مەرحەلەی بینائی ئیشتراکی ئەو تەعدیلەی ئیقاف و تەعدیلی پێ دەکەی، مەفروزە ئێمە کوردستان ئاوەدان دەکەینەوه، مەرحەلەی بینای ئیشتراکی ئەسڵەن حکومەتی عیراقی هەندێ رسومی هەر ئیعفا کردیه، مەسەلەن کەفالاتی قوتابیان یان هی تەجنیدی ئێمە تەجنیدمان نییە، زۆر مەسائلی وای تێدەکەوی ئێستا مەرحەلەکی دیکەیە، ئێستا حەق بوو ئەو قانونە بەسیغەکی تر دابرێژێتەوه ئەو رسوماتە لەوانەیە هەندێکیان زۆر کەمە، مەرحەلەی بینای ئیشتراکی هەندێ رسومی هەر ئیعفا دەکات، ئێستا قانونەکەی هەموو بخوێنەوه هەندێ شتی هەیە هەر تێیدا نییە رسومات و شتی وا، جا من تێبینیەکەم لەسەر ئەوەیە، پرسیاریشە بۆ لیژنەی قانونی لەبەر چی بۆخۆیان هەندێ زیاتر بۆ هەرێمی کوردستانی عیراق قانونێکی رسومی عەدلیان دانابایە، ئەوەی کە شموولی نەدەکرد لەگەڵ ئەو مەرحەلەش بگونجابایە کە ئێستا تێیداینە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ تەوزیح کاک د.ئیدریس لە کتابی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هاتووه هیچ پەیوەندییەکی بە بینای ئیشتراکی یەوه نییە، رسوم لەسەر ئەساسی قانونی کۆن وەرگیراوه ئیقافە بەو رسومە کۆنە، رسومەکی تازەیان داناوه و تەسمیمەکەشی نوسیوه لە کتابەکە، ئەو کتابە رەسمیە بەشێکە لە قانونەکە، دەڵێت ئیعتیبار کردن لەسەر داهاتی ناوخۆیی بۆ ئەوەی ئابوورییەکەمان بەرە و سەربەخۆیی هەنگاو بنێت، تەسمیمەکەی تەنها بۆ ئەوەیە، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ پرۆژەکەین بەو شێوەیەی کە هاتووه، شتەکی زۆر باشە، بەڵام ئەوەی راستی بێت دەبوایە جەدولەکی لەگەڵدابایە هەموو تەوزیحی فەقەرەکان بکات یەکە بە یەکە،چونکە مادده فلان یان مادده فلان لەوانەیە نەزانی، ئەندامی پەرلەمان کە دەنگ لەسەر شتێک دەدات دەبێت بزانی دەنگی لەسەر چ داوه؟ ئێمە کە دەنگمان لەسەر پرۆژەی حکومەت داوه سیقەمان هەیە کە ئەو شتەی کە هاتووه بە دیراسات هاتووه، وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد لەگەڵین، بەڵام دەبوایە ئەو جەدوەلەی لەگەڵ دابایە بۆ تەوزیح، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وا تەسەوڕ دەکەم زۆر وازیحە، ماددەو فەقەرە و چ گۆڕانکاری لە مەبلەغدا هەیە نوسراوه، ئەو

ئەندام پەرلەمانەی کە بزانی مەفروزە بزانی واجبی خۆی چییە؟ قوانین لە مەکتەبەی پەرلەماندا هەیە دەچێت ئیتیلاعی لەسەر دەکات ودەیخوێنێتەوە، ئەگینا حکومەت هەر پڕۆژەیەک بنوسێ هەموو قانونەکانی کۆن دەبێت بنوسێتەوە جارێکی تر و، ئەندام حەقی هەیە بچێتە لیژنەی قانونی پرسیار بکات و، موناقەشەش بکات، ئەوە تەعقیبی کاک فرسەت بوو، ئاخیر قسە بۆ کاک جەمیلە، فەرموو.

**بەڕێز جـــــمـــــيل عـــــبـــــدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

هاتە گوتن کە تەوازنێک هەیە بۆی لیرە و لە جێگای تر لە بازار،(٢٥٠) فلسەکەی جاران زەربی(٢٠) بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە (٥) دینار، یان (١٠٠)فلس زەربی (٥٠) بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە (٥) دینار، یەک دینار فەرقی (٥)دینارەکەیە، ئەوە نە تەوازن نە هیچ نسەبەی مەزبووتە، ئێمە دەزانین تەناسب چ تەردی چ عەکسی بە چ شێوەیەک لە بیرکاری دادەنرێت، دووەم باس کرا عەلائەساس چۆن تەئسیر لە هاولاتی دەکات؟ ئایا پەڕی ئیستینساخ بکرێتە (٥)دینار، لەوانەیە قەرارەکە (٥)پەڕ بێت، یان پێویستی بە سێ یان چوار جێگا بێت، (٢٥)پەڕی پێویست بوو، هەر پەڕێکیش (٥) دینار وەربگرین،(٥×٢٥=١٢٥)دینار دەبێت ئەو هاوولاتییە بیداتن، بەڵام بۆ وەکالەی عامە لەوانەیە یەک جار لە ژیانی خۆیدا خێزانێک وەکالەی عامە بداتە براکانی یان بداتە محامی یەک جارە، لەبەر ئەوە هیچ تەناسبێکی تێدا نییە، نابێت پەری ئیستینساخ وەکی وەکالەی عامە ئێمە حیسابی بکەین بەنەفسی تەقدیر، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری دارایی، فەرموو.

**بەڕێز سرکیس اغا جان مامەندۆ(وەزیری دارایی):**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

وەکی من ئیشارەتم پێدا برادەران وا دیارە ئیشارەت دەدەنە قانونی (١١٢)ی ساڵی(١٩٨١)، موناقەشاتیش هەموو لەسەر ئەو یاسایەیە، ئەو تەوازوونەی کە ئێستا باسی دەکەین. دروست کردنی تەوازن لە نێوان ئەو قانونەی ئەوەی کە ئێستا لە عیراق وەردەگیرێت، مەبەستم ئەوە نییە، تەعدیلات کراوە، ئەو قانونە کە بە چەندین قەرار لە لایەن حکومەتی مەرکەزی دەرچووە ئیعادەی نەزەر کراوە لەو رسوماتانە، ئەو تەوازوونە ئێمە لەسەر ئەو تەعدیلاتە نوێیەی کە حکومەتی مەرکەزی کردیتی لەبەینی ساڵی (١٩٩٦و١٩٩٩)، ئێمە ئەو تەوازوونە لەسەر ئەو ئەساسەمان

دروست کردووە، نەک لەسەر ئەساسی یاسای(١١٤)ی ساڵی(١٩٨١)، دوو بەنیسبەت ئەوەی (١٠)دینار و(٥)دینار کە لە ماددەی (٤٥)دا باس کرا، ئەوە یەکەمین پێشنیارە کە ماددەی(٤٥) یەک دینارە ببێتە (١٠)دینار، ئەوە وەزارەتی دارایی کردوویەتی وەکو پرۆژە بۆ ئێمە، پاش ئەوە برادەرانی ئێمە لە دارایی و لەگەڵ وەزارەتی داد سێ یان چوار جار دانیشتنیان هەبووە هەموو پێکەوە موناقەشاتیان کردووە گەیشتینە قەناعەت کە ئەو (١٠)دینارە زۆرە کردوویانە بە(٥)دینار، یەعنی ئەو (١٠)دینارە پاش گفتوگۆ کردن بووە بە(٥) دینار و لەسەر ئەو ئەساسە، بۆیە من پشتگیریم لێ کرد، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئاخیر قسە بۆ وەزیری دارایی بووە کەسی تر بۆی نییە موناقەشە بکات، کاک جمیل عبدی سندی لە زمانی لیژنەی داراییەوە پێشنیار دەکات لەو فەقەرەیە (٥)دینار بکرێت بە(١٠)دینار، داوا دەکات بیخەینە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوە دەیخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی ئەوە دەکەن (٥)دینار ببێت بە (١٠)دینار دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، زۆرینەی دەنگ پەسەندی ناکات، لەبەر ئەوە هەر بە (٥)دینارەکە دەمێنێتەوە، ماددەکە هەمووی دەخەینە دەنگدان، بەڕێز مەلا طاهر، فەرموو.

**بەڕێز مـلا محـمـد طاهر زین العـابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (٣٥ اولاً و ثانیاً) هاوتووە کە تەعدیل کراوەکە کەچی لە جەدوەلەکەدا نەهاتووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکە ڕەش بۆیان ڕوون بکەوە، تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محـمـد نقـشـبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەعوای دەین بەسورەتەکی عام تەعدیل کراوە، دەین بوویتە(٧٪)، لەبەر ئەوە لە هەر شوێنێک هەبێت دەڵێت (بإستثناء الدین)، دەین مانای ئەوەیە لە ماددە (٣٥)دەینی چارەسەر کردووە، دەین بە نسبەتی (٧٪)وەردەگیرێت کە ئیقامەی دەعوا دەکرێت لە(٧٪)وەدەگیرێ لە جیاتی (٢٪)کە لە ماددەی (٣٥)دا هاتووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە مادده(٣٤)اولاً چیە ئەویش دەینە، کەواتە (٣٤اولاً و ٣٥ ثانیاً) چارەسەر کراوە، کاک محمد أمین جەنابت تێبینیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ماددەی (٤٩)وە ئێستا ئێمە(٢٥٠)فلسیمان لە جەداولدا نییە، لەبەر ئەوە ئەگەر بڵێین(٢٥٠)فلس (عن کل متر مربع من المساحة علی ان لا یقل عن١٠٠دینار ویقرب مازاد عن دینار الی دینار واحد)، لە جەداول ئێمە ربع و نیو دینار و شتی وامان نییە، تەنها دینارمان هەیە، لە رەسمەکە(٧٥٠ر١٢٠)دینار یان(٥٠٠)فلس بوو، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان لەسەر ئەوە چییە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی(٢٥٠)فلس بۆ مەتر مورەبەعێکە یەعنی دەعوایەکە نییە، ئیقامەی دەعوا لە چەند مەتر مورەبەعێک لە چەند مەترێک کەمتر بێت، یەعنی کۆی مەترەکان چەند دەکات، مەتر مورەبەع (٢٥٠)فلسە نەک مەوزوعەکە تەداول بێت، خۆی شتێکی زۆر ئاساییە لەرووی قانونی وەکو بە خۆی جەنابی فەرموو، ئەگەر زیاتر بەرە و دینار بچین لە تەداول نەبێت، دەبێتە دینار ئەگەر کەمتر بێت دێتە خوارێ یەعنی بە ئیعتیبار لە جەداول نییە، بەڵام مەتر نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەبەستی ئەوەیە بۆ نموونە دەبێت بە(١٠٠)دینار و ربعێک، یان دەبێت بە (٧٥٠ر١٠٠)دینار ئەوە چۆن تەعاموولی لەگەڵ دەکەین، یەعنی پێویست بە تەوزیح دەکات یان ناکات، پێویست ناکات، چونکە لە حاڵەتێکی تر نوسراوە جوزئی یەکەم بوو وەکو (یەک)تەعاموول دەکرێت، دەبێت نەسی تێدا هەبێت، بۆ نمونە دەتوانی بڵێین جوزئی هەر بە دیناری کامیل ئیعتیبار دەکرێت، ماددەی دووەم دەخەینە دەنگدان، لەگەڵ ئەو تەعدیلەی کە کرا لەسەر کەسری دینار (یعتبر دیناراً)، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ماددەی دووەم پەسەند ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، سوپاس، ماددەی دووەم بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز محـــمـــد سـعـــيـــد احـــمـــد يعـــقـــوبی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

المادة الثالثة:

لا يعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القانون.

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

هيچ تێبينى هەيە لەسەر ماددەى سێيەم، تێبينى نييە، ماددەى سێيەم دەخەينە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەى سێيەم پەسەند دەكەن دەستيان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەى كە ماددەى سێيەم پەسەند ناكەن دەستيان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەى سێيەم بە زۆرينەى دەنگ وەرگيرا، ماددەى چوارەم.

**بەڕێز محـــمـــد سـعـــيـــد احـــمـــد يعـــقـــوبی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

المادة الرابعة:

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

هيچ تێبينى هەيە لەسەر ئەم ماددەيە، تێبينى نييە، ماددەى چوارەم دەخەينە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەى چوارەم پەسەند دەكەن دەستيان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەى كە ماددەكە پەسەند ناكەن دەستيان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەى چوارەم بە زۆرينەى دەنگ وەرگيرا، ماددەى پێنجەم.

**بەڕێز محـــمـــد سـعـــيـــد احـــمـــد يعـــقـــوبی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

المادة الخامسة:

يعمل بأحكام هذا القانون أعتبارا من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

هيچ تێبينى هەيە لەسەر ئەم ماددەيە، تێبينى نييە، ماددەى پێنجەم دەخەينە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەى پێنجەم پەسەند دەكەن دەستيان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەى كە ماددەكە پەسەند ناكەن دەستيان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەى پێنجەم بە زۆرينەى دەنگ وەرگيرا.

تکا لەو ئەندامە بەرێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەرێزانەی کە هەموو یاساکە پەسەند ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، هەموو یاساکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاسی بەرێزان ئەندامانی ئەنجومەن دەکەم بۆ کارەکەی ئەمرۆیان هیوادارم حەفتەی ئاینده بەهەمان روح یەکتر ببینینەوەو کۆبوونەوەی داهاتوومان رۆژی دوو شەممەی داهاتوو دەبێت، زۆر سوپاس.

**فرسەت ئەحمەد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

یەکەمی پرۆژەی هەمواركردنی یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٢ ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق كە لە لایەنی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار كراوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

إستناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦)والمادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ما عرضه وزيرالمالية ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المرقمة ( ) والمنعقدة بتأريخ / / تشريع ما يلي :-

المادة الاولى : -

تعدل المادة الاولى من القانون رقم (١٠) لسنة ٢٠٠٢ وتحذف كلمة اولاًوالواردة بعد المادة / ٣٤وتقرأ على الوجه الآتي :

المادة الاولى :

إيقاف العمل في إقليم كوردستان - العراق بمبالغ ونسب وحدودالرسوم العدلية المنصوص عليها في المواد (١٠، ١٥، أولاً وثانيـاً، ١٦، ١٧، ١٩، ٢٠/ أولاً - أ، ب،ج ،٢١/ أولاً، ٢٢/أولاً، ٢٣أولاً وثانياً، ٢٤، ٢٥, ٢٦، ٢٧، / أولاً ، ٢٨أولاً

وثالثاً ورابعاً، ٢٩، ٣٤/ ثانياً وثالثاً، ٣٥/أولاًوثانياً،٣٧, ٤٢/أولاًوثانياً ٤٣, ٤٤, ٤٥، ٤٩، ثالثاً ورابعاً وخامساًوسادساً وعاشراً) من قانون الرسوم العدلية رقم ١١٤ لسنة ١٩٨١ المعدل.

المادة الثانية : -

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة الثالثة : -

على الوزراءالمختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الرابعة : -

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەكانی یاسایی و، دارایی و، مافی مرۆڤ ئەكەین، بۆ ئەوەی لە خاڵی سێیەم دەست بەكار بین تكا لە ئەندامێكی بەڕێزی لیژنەی دارایی و، لیژنەی رۆشنبیری و، لیژنەی پێشمەرگەو، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی یاسایی خۆی دانیشتوە بەڕێز كاكە رەش نەقشبەندیش با بفەرمووێت، فەرموون تكایە ماددەی یەكەم بخوێننەوە، لە گەڵ دیباجەكە.

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق، تکایە هەموو پڕۆژەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز شـــــیـــــــروان نـاصـح حــــیـــــدری:**

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار :ـ

تأريخ القرار :ـ

قرار

إستناداً الى احكام الفقرة(١) من المادة(٥٣) من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ما عرضه وزير المالية و الاقتصاد و وافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلستة المرقمة ( )و المنعقدة بتأريخ ( ) مايلي :

المادة الاولى :

تعدل المادة الاولى من القانون رقم(١٠) لسنة ٢٠٠٢ وتحذف كلمة أولاً و الواردة بعد المادة/ ٣٤ وتقرأ على الوجه الآتي :

المادة الاولى :

إيقاف العمل في إقليم كوردستان ـ العراق بمالغ ونسب و حدود الرسوم العدلية المنصوص عليها في المواد(١٠ , ١٥اولاً وثانياً، ١٦ , ١٧ , ١٩ , ٢٠/أولاً ـ أ،ب،ج، ٢١اولاً ،٢٢/أولاً، ٢٣/أولاً وثانياً، ٢٤ , ٢٥ , ٢٦ , ٢٧، / أولاً،٢٨أولاً وثالثاً ورابعاً،٢٩ , ٣٤ثانياً وثالثاً،٣٥ أولاً وثانياً،٣٧ , ٤٢ اولاًوثانياً،٤٣ , ٤٤ , ٤٥ , ٤٩ ثالثاً ورابعاً وخامساً،٥٣/سادساً وعاشراً من القانون الرسوم العدلية رقم (١١٤) لسنة (١٩٨١) المعدل.

المادة الثانية :

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة الثالثة :

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الرابعة :

ينفذ هذا القانون إعتبارا من تأريخ نشره من جريدة وقائع كوردستان.

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

فەرموو تەوزیحێکمان بۆ بکە، بەڵام بە کورتی.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــمــد نقــشــبندی:**

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

خۆی مادده یەک لە قیرائەی رەقم(١٠) هەمووی وەکو خۆی ماوە، تەنیا مادده(٣٤)نەبێت، (٣٤)بە خۆی ٣ فەقەرە بوو، هەرسێ فەقەرەی راگیرا بوو کاتی خۆی، ئێستا فەقەرەی (١)دەمیان

ئیتلاق کردەوە بۆ ئەوەی رانەگیرێت، چونکە فەقەرەی (١)دەڵێت(یستوفی من المدين رسماً مقدارە٣٪ من المبالغ التي تقوم مديرية التنفيذ بتحصيلها) رەسم تەحسیل لە مدیریاتی تەنفیز نەما بوو، خەڵک کۆمپیاڵەی دەبردە مودیریەی تەنفیز وەستا بوو، چونکە رەسمی تەحسیل نەمایە، لەبەر ئەوە تەنیا ئەو فەقەرەیە لادرا لە تەعدیلەکەی یەکەم و، ئەگەر نا قەرارەکەی رەقەم(١٠)هەمووی وەکو خۆیەتی، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رەئی لیژنەی یاسایی تکایە بخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق

ب/ رای لیژنە

ئاماژە بەنوسراوتان ژمارە ک/٤٢لە ٢٠٠٢/٦/٢٦ رۆژی ٦/٦ لیژنەی یاسایی کۆبۆوە بۆ تاوتۆکردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسایی ژمارە(١٠)ی ساڵی٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق پاش گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە لیژنەکەمان پرۆژەکەی بە تێکرای دەنگ پەسەند کرد، تکایە بفەرموون بۆ عەرز کردنی بەسەر ئەندامانی پەرلەمان بۆ وەرگرتنی بڕیار لەسەری لەگەڵ رێزماندا.

سعيد يعقوبى
سەرۆکی لیژنەی یاسا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رەئی لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وتاری رەئیا لیژنەی دارایی و ئابوری دەخوێنم:

السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ تعديل الرسوم العدلية

تحيةً واحتراماً

كتابكم المرقم (ك/٤٢)في (٢٠٠٢/٦/٢٦)

إجتمعت لجنتنا صباح هذا اليوم ٢٠٠٢/٦/٢٦ لدراسة ومناقشة مشروع تعديل قانون (رقم١٠ لسنة ٢٠٠٢) الخاص بتعديل الرسوم العدلية.. وبعد الدراسة والمناقشة تؤيد لجنتنا مشروع التعديل وندرج ادناه توصياتنا :ـ

أ- الديباجة غير موجودة ومن الضروري درج الديباجة الاصولية.
ب - المادة الاولى: تعدل المادة الاولى من القانون رقم (١٠ لسنة ٢٠٠٢) وتقرأ كالآتي:
(إيقاف العمل في اقليم كوردستان العراق بمبالغ ونسب وحدود الرسوم العدلية المنصوص عليها في المواد (١٠,١٥، أولاً و ثانياً، ١٦,١٧,١٩, ٢٠/ أولاً - أ، ب، ج، ٢١/ اولاً، ٢٢/ أولاً، ٢٣/ أولاً وثانيا، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧/أولاً، ٢٨/ أولاً وثالثاً ورابعاً، ٢٩، ٣٤/ ثانياً و ثالثاً، ٣٥/ أولاً وثانياً، ٣٧، ٤٢/ أولاً وثانياً، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٩/ ثالثاً ورابعاً وخامساً، ٥٣/ سادساً وعاشراً) من قانون الرسوم العدلية رقم ١١٤ لسنة ١٩٨١ المعدل.
جـ - المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.
هذا ولكم الامر مع فائق التقدير

جميل سندي
رئيس اللجنة

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن له سەرەتای هاتووه کە دەڵێت( وتحذف كلمة أولاً و الواردة بعد المادة/ ٣٤) ئەوە پێویست ناکاتن، شەرح ناوێتن قانون، چونکە هەر لە ماددەکەدا کاتی ئێمە تەعدیلی دەکەین، (أولاً)مان حەزف کردووە لێرە، پێویست ناکاتن ( وتحذف كلمة أولاً و الواردة بعد المادة/ ٣٤)، هیچ ئەو شەرحەی ناوێتن، ئیستیفای مەدین(يستوفى من المدين) کە ٣٤(أولاً) برای بەڕێزم کاکەڕەش فەرمووی٣٪ ، نەخێر بە خۆی ٢٪((يستوفى من المدين رسماً مقداره ٢٪ من المبلغ الذي تقوم مديرية التنفيذ بتحصيله)زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ/ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
بابەت/ رای لیژنە
نووسراوتان ژمارە ک/ ٤٢ لە بەرواری ٢٠٠٢/٦/٢٦
دەربارەی هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٢. لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی بەو مەبەستە لە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/٦/٢٧ گرێ دا. دوای لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی یاساکەو دەقە هەموارکراوەکە، ئێمە وەک لیژنەی مافی مرۆڤ پشتگیری لێ دەکەین.
لەگەڵ ڕێزماندا

ليژنەی مافی مرۆڤ

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جا تکایە ماددەی یەکەم و دیباجە ئسولیەکە بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار :ـ

تأريخ القرار :ـ

قرار

إستناداً الى احكام الفقرة(١) من المادة(٥٣) من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءً على ما عرضه وزير المالية و الاقتصاد و وافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلستة المرقمة ( )و المنعقد بتأريخ ( ) مايلي :

المادة الاولى :

تعدل المادة الاولى من القانون رقم(١٠) لسنة ٢٠٠٢ وتحذف كلمة أولاً و الواردة بعد المادة/ ٣٤ وتقرأ على الوجه الآتي :

المادة الاولى :

إيقاف العمل في إقليم كوردستان ـ العراق بمالغ ونسب و حدود الرسوم العدلية المنصوص عليها في المواد(١٠ ,١٥أولاً وثانياً، ١٦ ,١٧ ,١٩ , ٢٠/أولاً ـ أ،ب،ج، ٢١أولاً ،٢٢، ٢٢/أولاً، ٢٣/أولاً وثانياً، ٢٤ , ٢٥ , ٢٦ , ٢٧ ،/أولاً ،٢٨اولاً وثالثاً ورابعاً،٢٩ , ٣٤ثانياً وثالثاً،٣٥أولاً وثانياً،٣٧ , ٤٢ اولاًوثانياً،٤٣ , ٤٤ , ٤٥ , ٤٩ ثالثاً ورابعاً وخامساً،٥٣/سادساً وعاشراً من قانون الرسوم العدلية رقم (١١٤) لسنة (١٩٨١) المعدل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەی یەک.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەینە، بەڵام ئەو شەرحە بدایەتی (وتحذف كلمة اولاً في المادة) دبێژین ئەم وشەیە زیادە لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش وەڵامی لیژنەی دارایی بدەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلە تەعدیل و تەوزیحە، فەقەرەکە لەغوو دەکرێت و (ویقرأ کالآتي) مەفروزە زیکر بکرێت ئەوەی لادەبەین، لە ئەسڵی قانونەکەی ڕەقم (١٠ اولاً) هاتووە، تۆ ئێستا لای دەبەی، کە لای دەبەی ئینجا دەڵێی (وتقرأ کالآتي) شتەکی زۆر تەبیعیە، ئەو (اولاً) بوترێت، چونکە ئەو (اولاً)ە دەگەڕێتەوە ناو قانون لەبەر ئەوە لازمە بگوترێت. لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە، بەڕێز وەزیری داد، فەرموو.

**بەڕێز هادی علی عبدالکریم (وەزیری داد):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە ئێستا باس کرا ئەوە زۆر زەرووریە، ئەوە زۆر باشە لابرێت، چونکە ئەوە ئیشکالیێکی لە دائیرەی تەنفیز دروست کرد، بەڵام هەر لە رسومی تەنفیز ماددە (٣٤ثانیا)نسبەتێک دانراوە کە لە(٢٪ من قيمة المنقول أو العقار الذي تقوم مديرية التنفيذ بتسليمه على ان لايزيد على)خۆی پێشتر ٥٠٠بوو، لێرە لە پەرلەمان کراوە بە ١٠٠٠دینار، بەڵام نیسبەتی لە ٢ ٪ تەسبیت نەکراوە، ئەوەش هەر بۆ خۆی ئیشکالیێکی تێدا هەیە، لە ٢ ٪ماوەتەوە یان نەماوەتەوە، لەبەر ئەوەی کە پێشتر(ثانیا) کەوتۆتە بەر ئیلغا یان بەر ئیقاف العمل و، ئێستا تەسبیت کراوەتەوە پێویستە لە (٢ ٪ )ەکەش بنوسرێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی یەکەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ئینجا یان وەلامێکی بەڕێز جەنابی وەزیری داد بدەنەوە یان ماددەیەکی تر زیاد بکەن.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر نیسبەکە دیار نەکرا بێت مانای وایە نیسبەکە وەکو خۆی ماوەتەوە، ئەگەر تەحدید نەکرا بێت ماددەکە، چونکە ئەگەر تەعدیل کرا بێت و نەیگوتبێت نیسبەکە چەندە، مانای وایە ئەو نیسبەیەی کە هاتیە دەڕوا، چونکە ئەساسەن ئەگەر شتەک تەعاروزی هەبێت لەگەڵ ئێرە ئیعتیدالی پێ ناکرێت، ئەگەر تەعاروزی نەبێت لەسەر قانونەکە، ئەوە قانونەکە نافیز مەفعولە، قانونەکەمان رانەگرتیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەو ماددەیە راگیراوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێم ئەگەر باس نەکرا بێت، مانای وایە نیسبەتەکە وەکو خۆی ماوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام لێرە باس کراوە، راگیراوە، ئیقاف کراوە کە ئیقاف کرا بێت، یەعنی هەمووی وەردەگیرێت، ئیقاف کراوە دووبارە دانراوە نیسبەتەکەیان دانەناوە، یەعنی غەڵەت نوسراوە دەبێت،دووبارە بنوسرێتەوە، ئینجا جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

يعدل الرسم الوارد في التسلسل(٢١) من المادة الثانية ويكون كالآتي:

٢٪ على أن لايزيد على ١٠٠٠دينار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دوو پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی

دوو بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێ.

**بەڕێز شـــــیــــــروان نـاصـح حـــــیــــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

المادە الثالثە:

لا یعمل بأی نص یتعارض وأحكام هذا القرار.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی دەڵێت ئەوەی پێ ناوێت، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەوەی پێ ناوێت، چونکە لە ئەسڵی قانونەکە هەیە، ئەوە تەعدیلە دەچێتە ناو قانونەکە لەئەسڵی قـانونەکـە(لا یعـمل بأي نص یتـعارض وأحكام هذا القـرار)، ئەویش دەبێـتـە بەشـێـک لە ناو قانونەکە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات لە ناو قانونەکەدا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

باشە ئەوە هیچ زەرەری هەیە ئەگەر بمێنێ؟ زەرەری نیـیە، هیچ تێـبینی تر هەیە، نیـیـە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ڕەئی لیژنەی یاسایی پەسەند دەکەن بەلاچوونی ئەو ماددەیە دەستـیـان بەرز کـەنەوە، زۆر سـوپاس، ئەو ئەندامـە بەڕێزانەی کـە ڕەئی لیـژنەی یاسـایی پەسـەند ناکـەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، بە گشتی دەنگ ماددەی سێ نەما، ماددەی سێ.

**بەڕێز شـــــیــــــروان نـاصـح حـــــیــــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

چونکە سێیەکەی تر بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیرا، ئەوە دەبێتە سێیەم.

المادة الثالثة:

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، نییە، ماددەی سێ دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێ پەسەند دەکەن دەستـیـان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی سێ بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوار.

**بەڕێز شـــــیــــــروان نـاصـح حـــــیــــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ نفاذ القانون رقم(١٠) لسنة٢٠٠٢ وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینمان نییە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش موافقین، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە موافقن، باشە ئەو فەترە هیچ وەرگیراوە، تەنفیزەکەتان ڕاگرتووە، باشە تەنفیزەکە لە تەئریخی قەراری پێشوو بێت یان لە کەی بێت باشە؟ تەنفیزەکە(١٠)ڕۆژی تر بێت تا لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان دەردەچێت یان(١٠)ڕۆژ پێش ئێستا بێت، باشە بەو شێوەیە سیاغەی بکەن، بیخوێننەوە تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ نفاذ القانون رقم(١٠) لسنة٢٠٠٢ وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوار پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی چوار بە گشتی دەنگ وەرگیرا، پرۆژەی یاساکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو پرۆژەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، بە گشتی دەنگ یاساکە وەرگیرا.

بەڕێزان ئەمڕۆ ٢٠٠٢/٦/٣٠ کۆتایی خولی یەکەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقە، بەم بۆنەیەوە سوپاسی هەریەک لە ئێوەی بەڕێز دەکەم بۆ ئەو کارانەی لەم ماوەیەدا ئەنجامتان داوە، لەراستیدا کارێکی باش و رێکوپێکتان ئەنجام داوە، جێگای سەربەرزی هەموو لایەکمانە، لە لایەکی ترەوە پێم خۆشە ئەوە بخەمە روو کە سوپاسی هاوکاری و تەنسیق لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بکەم ئەنجومەنی وەزیران کە ئەویش بۆتە هۆیەکی پێشکەوتن و زیاتر سەرکەوتنی کارەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، هیوادارم لە خولی دووەمدا دانیشتنەکانمان بە هەمان روحیەت و بە هەمان گیان دەست پێ بکاتەوە و، بەرهەمی زیاتر پێشکەش بە هاووڵاتییانی خۆشەویستمان بکەین، تکام وایە زۆر دوور نەڕۆن، ئەگەر دووریش رۆیشتن لەم ماوەیە حسابی ئەوە بکەن لەوانەیە لە هەر کاتێکدا بانگتان بکەینەوە، دەبێ لەو کاتە لە راستیدا هەموو ئامادە بن کە کارێکی گرنگ ئەگەر هاتە پێشەوە پێویستی بە دانیشتنێکی پەرلەمان کرد کە بەزووترین کات بێنەوە ئێرە، لێتانی ناشارمەوە وەزعی سیاسی و بارودۆخی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان، کوردستان و عیراقیش بەگشتی، لەوانەیە پێویست بەوە بکات چەند دانیشتنێکی ئیستیسنائی بکەین، جارێکی تر سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم بژین، بەوە کۆتایی دێت بە دانیشتنەکانمان.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**